هەڵگۆرد

ژمارە (٢٧)
شەممە ٢٠٠٧/١١/١٧

# ڕۆڵی گوندی ڕوست لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێدا

■ محمد حوسێن میر صادق

لە ساڵی شەستەکان و دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد گوندی ڕوست ڕۆڵێکی بەرچاوی لە یارمەتیدانی شۆڕش هەبووە، ئەمەش بۆتەهۆکاری سەرەکی کە دۆڵی ڕوست ببێتە یەکێك لە ئامانجەکانی بۆردومانکردن و لێدانی حکومەتی عێراق، ئەمەش وادەکات چەندان جار بە شێوازی جیاواز ئەم گوندە بکەوێتە بەر پەلاماری دوژمنانی کورد، بەرلەوەی شۆڕش هەڵبگیرسێت میرەکانی ڕوست پەیوەندیان بە بارزانیەوە هەبووەو ئامادەیی خۆیان بۆ شۆڕش ڕاگەیاندبوو، دوای ئەوەی سەرکردایەتی شۆڕش لەگەڵ حکومەتی (عبدالکریم قاسم)نەگەیشتنە ئاکام شۆڕش بەرپادەبێت، بارزانی نێردراوێکی بۆلای میرەکانی دۆڵی ڕوست دەنێرێت و پێیاندەڵێت داواتان لێدەکەم خۆتان ئامادەبکەن بۆ یارمەتیدانی شۆڕش، ئەوکات (میر محمد شریف میر صادق و قادر ئاغای میر ئەسعەد) لەگەڵ خەڵکەکە کۆدەبنەوە ئەم پایەمەی بارزانی لەگەڵ خەڵکەکەباس دەکەن، دواتر دانیشتوانی ڕوست بەتێکڕا بڕیاری پشتگیری کردنی شۆڕش دەدەن، بۆئەم مەبەستە زیاتر لە شەست پێشمەرگەی چەك لەشان خۆ ئامادە دەکات و دێنە پاڵپشتی شۆڕش بۆیە هەرلەوکات بارزانی وەك وەفایەك بۆ هەڵوێستی خەڵکی گوندی ڕوست و دەوروبەری فەرمانی کردنەوەی بارەگای ڕێکخراوی ڕوست دەدات، بۆیە هەرلەوکات ڕێکخراوی (زۆزك)لەگوندی ڕوست دەکرێتەوە، خوا لێخۆشبو (حسێن میر صادق)وەك لێپرسراوی ڕێکخراو دەست نیشان دەکرێت، چونکە سنوری دۆڵی ڕوست پێویستی بەوەهەبوو کە ڕێکخراوێك لە سنورەکە هەبێت بۆ وشیارکردنەوەی خەڵك بۆ شۆڕش، چونکە لەسەرەتادا ڕێکخستن دەوری کاریگەری هەبووە لە هاندان و پێگەیاندنی پێشمەرگە، بۆیە هەر لە ئامادەبوونی ئەم شەست پێشمەرگە لە دۆڵی ڕوست خۆی لەخۆیدا گرو تینێکی بەهێزی دایە شۆڕش، چونکە هەر بەکۆکردنەوەی ئەم پێشمەرگانە لە سنوری دۆڵی ڕوست بنکەی پۆلیس کە سەربە حکومەتی ئەوکاتی (عبدالکریم قاسم)هەبوو چۆڵدەکرێت بەبێ شەڕ دوایی وردە وردە ئەم پێشمەرگانە زیاد دەکەن و ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە هەشتا پێشمەرگە، پێشمەرگەکانی شۆڕش لە سنورەکە بە فەرمانی (عقید کافی) لەسنوری شیوانی دۆڵی ڕوست و سیدەکان هێزەکانیان لە چیای حەساڕۆست و گردەزین لە باکوورو باکووری خۆرئاوای ڕوست بۆ بەرپەرچی هێزی جاش و سەربازەکان دادەمەزرێنن، بەم جۆرە حەساڕۆست و گردەزین دەبنە مەیدانی شەڕو بەرگری لەبەرامبەر هێزی جاش و سەربازەکانی ڕژێم، دوای شەڕێکی سەخت و کوژرانی چەندان جاش و سەربازو شەهید بوونی چەند پێشمەرگەیەك هێزی پێشمەرگە بۆ گردی زەرد لە نزیك هەڵگۆرد کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ڕوست و گرتك دەکشێنەوە، پێشمەرگەکانی ناو گوندی ڕوستیش بۆ بەری (ئارونیان)کە دەکەوێتە بەرامبەر گوندی ڕوست دەکشێنەوە لەبەر هێرشی جاش و سەربازو تۆپ و فرۆکەکانی ڕژێم دە کشێنەوەو گوندی ڕوست بەم جۆرە لەپێشمەرگان چۆڵ دەبێت، ئەمەش بوە دەرفەتێك بۆ سەربازان و جاشەکانی حکومەتی




وێنەیەکی دانیشتوانی گوندی ڕوست کە لە یەکێك لە کارە هەرەوەزیەکاندا گیراوە

بەغدا کە لە ڕێکەوتی ١٩٦٢/٧/٢٨ دا هێرش بکەنە سەر گوندی ڕوست و چەندان خانوو بسوتێنن، لەوانە خانووی (میر محمد شەریف میر صادق و میر صاڵح) جگە لە ماڵ و ماڵات بە تاڵان بردن و شەهید کردنی وەستایەکی بەناوبانگ لەبواری چەك سازی دەست ڕەنگین بەناوی (وەستا خدر ئەحمەد مستەفا) ئەم شەهیدە بووە یەکەم شەهیدی شۆڕشی ئەیلول لەم ناوچەیە، دوای شەڕی قشڵەی ڕایات لەناوچەی باڵەکایەتی لە هێزەکانی ڕژێم پاك دەکرێتەوە، باڵەکایەتی دەبێتە بنکەی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول، هەر بەم هۆیەشەوە کە دووژمن پێی زانی خەڵکی گوندی ڕوست ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرچاو دەبینێت لەناو شۆڕشدا، ڕژێم دەستی کرد بە تۆپ بارانکرد بەهەموو شێوەیەکی دڕندانە بۆچەندینجار کە بووە هۆی زەرەرو زیانێکی زۆر لەناوچەکەدا، چونکە گوندی ڕوست بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلول بەخاك و دانیشتوانیەوە پاڵ پشت و پێگەی بارەگاکانی شۆڕش بوون، بۆیە بەبەردەوامی لەلایەن فرۆکەکانی ڕژێم تۆپ باران دەکرا، چونکە لەسەرەتای شۆڕش تاکو ڕاگواستنی ڕوست پتر لە سەد جار بۆمباو ناپاڵم دراوە بە گوندی ڕوست کە تاکو ئێستا شێوێنەواری هەندێکیان لە ناوچەکەدا ماوە، دوای ساڵی ١٩٧٠ دەتوانین بڵێین قوتابخانەی دۆڵی ڕوست ڕۆڵێکی پێشڕەوانەی لە هۆشیاری بیری کوردایەتی دەبێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر ناوچەکەدا دەبێت، چونکە قوتابخانەی ڕوست لەگەڵ ڕێکخراوی زۆزك ساڵانە ئاهەنگی نەورۆزیان دەکردو سرودی شۆڕش گێریان بەخاك و کورد دەکرد، بەڵام لە ساڵانی ١٩٧٤ تاکو ١٩٧٥ چەند جارێکی تریش ڕوست دکەوێتە بەر هێرشی فرۆکەکانی ڕژێمی بەعس، ئەمجارەیان لە ئەنجامی ئەم بۆردومانەی ساڵانی کۆتایی شۆڕش و پێش بڕیاری ڕاگواستنەوەی ناوچەکە گوندی ڕوست بۆیەکەمجار لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلول تاکو ئەم ساڵ بەیەکجاری چۆڵ دەبێت، هەموو خەڵکی ئاوارەدەبێت و بۆناو ئەشکەوتەکان، وەلەو بۆردومانەدا چەندین خانوو خاپورکران و وە چەندین هاوڵاتی ناوچەکە شەهید بوون بەناوەکانی (برایم حاجی قادر، محمد أحمد حسین، منالێکی ڕەسول عەوڵا) وە هەر لە ئەنجامی ئەم هێرشەدا چەندین برینداری لێدەکەوێتەو زیانێکی زۆریش بە خەڵکەکە کەوت لەهەموو ڕوێکەوە، وە لەهەمان ساڵدا بۆیەکەمجاربوو کە قوتابخانەی ڕوست بۆماوەی یەك ساڵ دابخرێت لەساڵی ١٩٦٢ قوتابخانەی گوندی ڕوست کرایەوە، ئەوە بۆیەکەمجاربوو قوتابخانە بۆ ماوەیەکی وا درێژ بوەستێت، چونکە ماوەیەکی یەکجار زۆر ڕژێمی بەعس بەبەردەوامی بۆردومانی ناوچەکەی دەکرد، وە دوای ئەوەی کە ناپاڵم بەر ڕوست دەکەوێت دوو شەهیدی

لێدەکەوێتەوە بەناوەکانی (قادر و محمد ئاغی سوڵتان) دوای کۆتایی هاتن ئەم بۆردوومانانەی ڕیژێمی بەعس لەیەکەم قۆناغدا ڕژێم دەستی کرد بە دوور خستنەوەی ئەو بنەماڵانەی کە ڕۆڵی سەرەکیان دەگێڕا لە گوندی ڕوست، ئەویش بنەماڵەکانی (حوسێن میر صادق و عەبابەکرد مستەفا و ڕەسول عوسمان) بوون,کەبۆخوارووی عێڕاق گواسترانەوەولەپارێزگای دیوانیە لەناحیەی (ئەلیێر) نیشتەجێ کران,چونکەڕژێمی بەعس وای دەزانی بەدوورخستنەوەی ئەم بنەماڵانەدەبێتەهۆکاری سەرەکی لاوازبوونی شۆڕش لەوناوچەیەدا,بەڵام شۆڕش هەربەردەوام بوو تاکو نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، دوایی شۆڕش هەڵگیرسایەوەو مەفرەزەی سەرەتایی دروست کرانەوە، لەمانگی تەمموزی ساڵی ١٩٧٦ مەفرەزەی سەرەتایی لەلایەن (ئەحمەد فەقێ ڕەش و قادر حەمەدەمین ناسراو بە قادرەسورو ڕەقیب عوسمان ناسراو بە ڕەزۆو جابیر خدر قادر) وە چەندان پێشمەرگەی تری ناوچەکە هەڵگیرسایەوەو دامەزرا، لەبارەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی دۆڵی ڕوست بەڕێز (نەوشێروان مستەفا) لە کتێبی (لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕەی ناوزەنگ) دەنوسێت" مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٧ شەهیدان خالید سەعیدو هەندێك لە پێشمەرگەکانی باڵەکایەتی هاتبوون بۆ هەڵگۆردو ناوچەی برادۆست، لەوێ مابوونەوە، چاوەڕوانی هەندێ لەبەرپرس و کادرانی ی.ن.ك یان دەکرد لەسوریاوە، شەهید خالید لە چاوەڕوانیدا بێ تاقەت بووبوو بۆیە ڕۆیشت بۆ هەڵگۆرد، بەڵام دوو مەفرەزەی لەناوچەکەدا جێ هێشتبوو، یەکێکیان (عبدالرحمن بێ شەیی)بوو ئەوەی تریان (قادرە سۆر روستایی)بوو کە ئەوکات قادرە سۆر فەرماندەیان بوو، یەکەم چالاکی مەفرەزەکانی دۆڵی روست بەسەرپەرشتی قادرەسۆر روستایی بریتی دەبێت لە کوشتنی پۆلیسێك لە نزیك گوندی پیرۆمەر کەبە(بن قەلان)دەناسرێت، دواتر بەمەبەستی زیاتر خۆ ڕێکخستن و پتەوکردنی پەیوەندیەکانیان بەمەفرەزەکانی باڵەکایەتی ڕوو لە ناوچەی (گوندەژۆر)دەکەن، بەڵام ڕژێم هەست بەم چالاکیانە دەکات هەربۆیە بەهێزێکی سێ لیواو چاوساغی هەندێك لەجاشەکان لە ڕێکەوتی ١٩٧٦/١١/١٣ هێرش بۆ ناوچەی (گوندەژۆر)دەهێنن، دواتر شەش پێشمەرگەو هاوڵاتی شەهید دەبن و چەند پێشمەرگەیەکیش برینداردەبن، قادرە سۆر روستایی و ڕەقیب عوسمان حەمەدەمین دوو برینداری ئەم هێرشە بوون، بەڵام بەسەختی برینداردەبن،دواتر مەفرەزەکانی قادر

ڕوستی و ئەحمەد فەقێ ڕەش بە مەبەستی خۆپاراستن و چارەسەرکردنی برینداران و برینەکانیان ڕوو لە گوندی ڕۆست دەکەنەوە بە دوور دوو کیلۆمەتر لە گوند شوێنێك کە پێی دەڵێن(شارەشمەك) خۆیان حەشار دەدەن، تاکو ماوەی چەند مانگێك تا بە تەواوی چارەسەر برینەکانیان دەکرێت و بە تەواوەتی دەکەونە خۆیان، دوای چاکبونەوەیان جارێکی تر ئەم مەفرەزیە دەستیان کرد بە چالاکی کردنەوە، لە چالاکی دووهەمدا لە سنورەکە لە ساڵی ١٩٧٧ لە زەرەوان لەسەر ڕێگای هاملتۆن دەبێت، کە بریتی دەبێت لە لێدانی زیلێکی سەربازی کە کۆمەڵێك سەربازی ڕژێمی بەعسی لە ناودا دەبێت، لەم چالاکیەدا ژمارەیەکی زۆر سەرباز دەکوژرێن و چەندین پارچە چەکی باشیان دەکەوێتە دەست، بەڵام ئەم چالاکیە وای لە بەعسیەکان کرد بەر لە هەموو شوێنێك بڕیاری ڕاگواستنەوەی گوندی ڕوست و گوندەکانی دەوروبەری دەربکات، بۆ ئەم مەبەستەش ڕژێمی بەعس ئاگاداری ئەو گوندانەی کردەوە کە بڕیاری ڕاگواستنیان بۆ دابوون بە گوندی ڕوستێشەوە، هەر لەو کاتەی ئەو هەواڵە گەیشتە خەڵکی ناوچەکە ناڕەزایی خۆیان دەربڕی سەبارەت بەم بڕیارە، بۆیە وەفدێك لە کەسایەتیەکانی ناوچەکە پێکهات بۆ سەردانکردنی سەرانی ڕژێم کە ئەم وەفدە پێکهاتبوو لە (میر محەمەد شەریف میر صادق—قادر ئاغا میر ئەسحەد — عەبدوڵڵا سلێمان— مەلا وەیس—ئەحمەد عوسمان ئاغا—حاجی خدر ئاغا—مەلا فەقێ عەلبی—حاجی سەعدی گەزنێ—حاجی گەزنەیی—میر ئەحمەد کاولانی —مەلا قادر ڕەشەڵ— حاجی عالی سرێشمەیی) وەفدەکە بەڕێکەوتن بەرەو بەغداد و لە ڕێگای (حاجی ئەحمەد موتڵەگ) چاویان بە چەند وەزیرێکی بەغدا کەوت لەوانە(عززەت دووری—تەها یاسین ڕەمەزان— مەلا ماتۆڕ)، دوای گفتگۆیەکی زۆر لەگەڵیان و گەیاندنی ناڕەزاییەکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە نەگیشتنە هیچ ئامانجێك بۆ پەشیمانکردنەوەیان، بەڵام پێیان وتبوون کەوا تاکو دەغڵ و دانەکانی خۆتان هەڵدەگرن و ئەوجا دەست دەکەین بە بڕیاری خۆمان، بەمجۆرە ڕژێمی بەعس لە سەر سیاسیەتی خۆی بەردەوام بوو، بۆیە لە ١٩٨٧/٧/٢٧ گوندی ڕۆست و گوندەکانی دەوروبەری واتا جگە لە هەندێك گوند لەسنوری دۆڵی ڕۆست هەموو گوندەکان دەکەوێت و خاپوور کران، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێشمەرگەکانی سنورەکە ناوچەکەیان چۆڵ نەکرد و هەر بەردەوام بوون لە شۆڕشەکەیان، بەڵام ئەم سیاسەتە لە بەرژەوەندی بەعس دابوو، چونکە

هێزی پێشمەرگە کەم بوو، ڕژێم بەردەوام هەوڵی فراوانکردنی سنوری هێزی پێشمەرگەی دەدا بەم ڕاگواستنە سنوری پێشمەرگە لە سنورەکەبەرفراوان بوو، چونکە هێزی پێشمەرگە لەم ناوچەیە زۆر کەم مابۆوە، وە هەندێك کەسانیش لە ژێرەوە پەیوەندیان کردبوو لەگەڵ ڕژێمی بەعس، بەڵام تا ڕاددەیەك ئەم دوو مەفرەزەیەی کە لە دۆڵی ڕۆست بوون بەسەرپەرشتی(ئەحمەد فەقێ ڕەش و قادر حمەئەمین ڕوستایی) خەڵکێکی باشیان لەگەڵدا مابوەوە، بەڵام لە پێش ڕێکەوتی ١٩٧٨/١٠/١٤ حکومەتی بەعس چەند جاشێك بەکرێ دەگرێت و بەشێوەی تاکتیك ڕەوانەیان دەکات وەك (حمدئەمین ماوانی— سمکۆ حاجی خورشید — شێخ تەها سیدکانی —عەوڵا ماویلی — مستەفا عوسمان) ئەوانیش پەیوەندیان بە قادرەسوور ڕوستاییەوە دەکەن کە گوایا دەیانەوێت لەگەڵ ئەواندا بن بە پێشمەرگە، بەڵام کاتێك ئەم پێنج جاشە لەگەڵ سێ پێشمەرگە بە تەنیا دەبن لە نیوەی شەوێکدا بەرنامەی بەعس جێبەجێ دەکەن و سێ پێشمەرگەکە بە ناوانی (ڕەسوڵ عومەر گەلاڵی—ڕەقیب عوسمان حمد ئەمین ناسراو بە ڕەزۆ—حوسێن عەمەر شیوەرۆکەیی)قۆڵ بەست دەکەن و لە ١٩٧٨/١/١٤ تەسلیم بە ڕژێمی بەعسیان دەکەن و دواجار هەر سێ پێشمەرگەکە لە ١٩٧٩/٢/٢٢ لە یەکێك لە بەندینخانەکانی موسل لە سێدارە دەدرێن، ئەم کارە ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی لە کوردستان لێ دەکەوێتەوە و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە دەنێتەوە، ئەم سێ شەهیدە دوو ڕۆژ پێش لە سێدارەدانیان واتا لە ڕێکەوتی ١٩٧٩/٢/٢٠ نامەیەکی هاوبەش بۆ کەسوکاریان و شۆڕش دەنوسن کە تیایدا ناوی تاوانبارانی تیادایەو داوای لە شۆڕش دەکەن تۆڵەیان بسێنێتەوە، نامەی ئەم سێ شەهیدانە دوو ڕۆژ بەر لە سێدارەدانیان نوسراوە، وە دوای ئەم شەهیدانە کاروانی شەهید بەخشین بەردەوام بوو، بۆیە گوندی ڕۆست تاکو ئەمڕۆ نزیکەی ١٠٠شەهیدی بە کوردایەتی بەخشیوە، گوندی ڕۆست لە دوای ڕاگواستن و وێرانکردن تاکو ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کوردستان بەبەردەوامی جێگاو پێگەو بارەگای حزبە کوردستانیەکان بووە، وەهەردەم کەوتۆتە بەر هێرشی تۆپ و بۆمبەکانی فرۆکەکانی بەعس، دانیشتوانی گوندی ڕوست لەبەر خۆشەویستی خاك و پێشمەرگە هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەبوون بۆ زێدی باب و باپیران، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٨٢ دەرفەت ڕەخساو هەندێك لە دانیشتوان گەڕانەوە گوندی ڕوست بەڵام وەك پێویست نەیانتوانی جێگاو

پێگەی خۆیان خۆشبکەن، جارێکی تر شەڕی نێوان عێڕاق و ئێران دەستی پێکردو لەساڵی ١٩٨٠ دیسان گوندی ڕوست کەوتە بەر بۆردومانکردنی فرۆکەکانی ڕژێمی بەعس، بۆیە ئەمجارە خەڵك زیاتر ناچارکرا کە زۆرترین ئەو خەڵکەی گەڕابۆوە ڕوو بکەنە ئێران، تاکو ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١، لەو ڕاپەڕینە شکۆدارەشدا خەڵکی گوندی ڕوست ئەوانەی لە ڕاگواستنی ساڵی ١٩٧٨ لە ئۆردوگایەکانی دیانان و هەریرو مەلا ئۆمەرو سێ پیران و شاری هەولێر نیشتە جێ کرابوون شان بەشانی پێشمەرگەکانی کوردستان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە ڕاپەڕین، کە چەند شەهیدێکی پێ بەخشین، کوردستان هەرچەند لە ڕاپەڕین ئەم خەڵکە بەردەوام لەناو حزبەکانی کوردستان کاری خۆیان دەکرد شان بەشانی پێشمەرگە لە هەموو شەڕەکانی دووژمنانی کورد بەشداریان کرد، وەهەموو کات لە سەنگەری پێشەوەبوونەو بۆیان دەستنیشان دەکرا، دەتوانین بڵێین لە سنوری ناحیەی سمیلانی ئێستا گوندی ڕوست یەکەم گوند بوو ئاوەدان بکرێتەوە، ئەگەرچی وەك پێویست تاکوئێستا خەڵکەکە نەگەڕاونەتەوە بەڵام لە هەموو گوندەکان زیاترە، وە نشتەنی زیاتر لە ١٤٠ ماڵ بەوەرزی زستان لێی دەژین، بەڵام ئەم گوندە وەك لەسەرەوەش هێمامان بۆکرد کە بەردەوام لەگەڵ شۆڕشەکان بووە، وە سنورەکەی جێگەو پێگەی حزبەکان بووە، بەڵام لە پرۆسەی ئازادی عێڕاقیش لەساڵی ٢٠٠٣ شەهیدی بەخشیوە، بەڵام ئەم گوندە ئەو خەبات و ماندووبوون و دڵسۆزیەی کە هەیبووە بۆ کوردستان، تاکو ئێستاش بەدەست کەم و کوڕی و بێ خزمەتگوزاریەوە دەناڵێنێ، چونکە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێ پرۆژەی لەناوچەکە ئەنجامداوە کە جێگەی دەست خۆشیە، بەڵام وەك وەفاداری و خەباتی ئەو خەڵکە باس دەکرێت نەك خزمەت کراوە تەنها بەقەد ڕۆژێك نییە کە لەگوندی ڕوست کراوە، چونکە ئەگەر ئێمە باس لەو خەبات و ماندوو بوون و شەهیدان دەکەین وەك نازێك نییە لەسەر کورد بیکەین، چونکە هەمیشە خەڵکی گوندی ڕوست خۆی بەخاوەنی خەبات و شۆڕش زانیوە، بۆیە ئێمە تەنها مەبەستمان باسکردنی ڕۆڵی گوندی ڕوست بوو لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ، بەڵام ئەمڕۆ هەرچیەك بێت دەبێت باس لە هەموو کەم و کوڕیەکان بکەین، چونکە گوندی ڕوست هەمووکات گەش بین بووە لەخەبات، ئێستاش گەشبین نییە لە ئایندەدا خزمەت بکرێت، لەکۆتاییدا داوای لێبورد لەگشت خانەوادەی ئەو شەهیدانە دەکەم کە ناوی شەهیدەکانیانم لەلانەبووە بۆیە نەم نوسیون، وە ناوی ئەو بەڕێزانەی کە ناومان وەك فەرماندەو سەرپەرشتیار هێنا وەك مەفرەزەکان باسم کردوون، وە دوای لێبورد لەو بەڕێزانە دەکەم کە لەساڵانی دوای ١٩٨٢ مەفرەزەیان هەبووە لە گوندی ڕوست و تەواوی سنورەکە، چونکە گوندە ڕوست لەدوای ساڵی ١٩٨٢ دەتوانین بڵێین مەفەرزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و حزبی شیوعی کوردستانی لێبووە، وە زۆربەشیان بارەگایان هەبووە لە ناوچەکەدا، بۆیە داوای لێبوردن لە هەموویان دەکەم، وە داوای لێبوردن دەکەم لە باسکردنی ئەم گوندە لەخەڵك چونکە ئەم زانیاریانە زۆر بە پچڕ پچڕی کەوتوونەتە دەستم، بەهیوام توانیبێتم بچوکترین خەبات و ماندووبوونی ئەو گوندەم باسکردبێت.